# ناوێك بۆ پەیوەندی نێوان منی (ژن) و ئەوی بەخشندە

ڤینۆس فایەق
venusfaiq@yahoo.co.uk

زۆر ئەستەمە کاتێ کە دوور ئەکەویتەوە لەو ناوەندەی تیا گەورەبوویت و تیا هوشیاریت کراوەتەوە ، و سەرچاوەی رۆشنبیریت بووە ، هەست بکەیت هەمیشە هوشیاری و رۆشنبیریەکەت بە فلتەردا رۆشتووە تا گەیشتۆتە تۆ ، یان هەمیشە دیوار هەبوون لەبەردەم ئەوەی ویستووەتە فێری بیت و ئەوەی رێگەت پێدراوە فێری بیت ، ئاخر ئێمە لەو ناوچەیەوە هاتووین کە هێشتا پیاو بەناوی کۆمەڵگا و ئایینەوە بێزی نایەت جووتێ گۆرەوەی خۆی بشوات ، یان پیاڵە چاکەی خۆی لەگەڵ دەستی خۆیدا لابات ، یان بە عەیبێ ئەزانێ منداڵەکەی لەبەرچاوی عەشرەتەکەی بکاتە باوەش ، بە بیانووی ئەوەی ئەوانە و زۆر شتی تر یان هەر هەموو شتەکانی تر هەر لە ئەزەلەوە خودا بۆ ژنی برِیوەتەوە ..

زۆرجار هەستم کردووە دیوارێکی بەرز و ئەستوور لە مابەینی منی ژن و تۆی پیاوی ئایینیدا هەڵبەستراوە ، بەواتایەکی تر لە مابەینی بیری منی ژن و بیری تۆی پیاو لەبەرگی ئایینیدا ، زۆربوون ئەو دیوارانەی منی ژنیان دابرِیوە لە دونیای ئایین و لێیان کردوومەتە تابوو ، بەچەند وشەیەکی تر ئەو دیوارانەی بە ئاسانی تۆی پیاوی پیا تێدەپەرِیت ، کەچی هەرگیز بۆ منی ژن کونێکیش نەماوەتەوە لێوەی برِوانم و راستیەکان لەبەرگی راستیدا ببیم و بخوێنمەوە ، زۆرن ئەو جارانەی هەستم کردووە "ئایین" یەکێکە لەو تابووانەی نابێت منی "ژن" بە بێ ترس باسی لێوە بکەم ، نەهیم لێکراوە لە زۆر شت بەناوی ئایینەوە بێ ئەوەی بۆمی روون بکەنەوە ، بۆ؟ زۆر جار باس و خواس هەبوون لە نهێنی خۆشمدا نەموێراوە بیاندرکێنم چونکە ترسێک لە دڵما روێنراوە بەناوی ئایینەوە ، زۆرم هەوڵداوە ناوێک دانێم بۆ جۆرێک لە (پەیوەندی) منی (ژن) و ئەوی (ئایینی) گرێ بدات ، یان رەنگێک بۆ ئەو هێڵەی منی ژن ئەباتەوە بۆ دونیای ئایین ، یان ناوێک بۆ پەیوەندیەک لە مابەینی منی ژن و ئەوی گەورە و میهرەبان کە ناوی (خودا)یە ، بۆچی ئەبوو من زۆرجار باس لە ئایین نەکەم؟ بۆچی نەدەبوو نوێژ بکەم ئەو کاتەی ویستبێتم نوێژ بکەم ، یان پێویستم بووبێت نوێژ بکەم؟ بۆچی دەبوو نوێژ بکەم ئەو کاتەی نەمدەویست یان پێویستیم پێ نەبووبێ نوێژ بکەم؟ بۆچی ئەڵێن چەند رۆژێک لە مانگدا ژن جەستەی پاک نیە ، یان بۆچی کاتی زەیستانی کە ژن ژیانی بەخشیوەتە بوونەوەرێکی تر و لەوپیناوەدا خوێنی لەبەر ئەرِوات ، بۆ دەبێ جەستەی پاک نەبێت؟ بۆچی باس لەو چەند رۆژە ئەکەن و باس لە رۆژەکانی تر ناکەن ژن چەند پاکیزەیە ، هەتا ئەگەر ئەو رۆژانە لە ساڵەکەدا کۆبکرێتەوە ئەوا لە کۆتاییدا ئایین ئەیەوێت بۆم بسەلمێنێت منی ژن هەمیشە بە پلەیەک لە خوار پیاوەوەم لە پاکیدا ، لە کاتێکدا هەر ئەو پیاوە کە دەڵێن (لە من پاکترە) لە هەناوی منی ژندا دروستبووە ، هەروەها لە کاتێکدا پیاو بۆی هەیە هەموو کاتەکان و بە درێژایی مانگ و هەفتە و ساڵ برِیاربدات جەستەی پاک بێت و سنوور نیە بۆ پاکی پیاو لەگەڵ ئەو هەموو گوناهەی دەرهەق بە منی ژنی ئەکات؟

خۆ ئەگەر باس لە گوناه بکرێت ئەوا لای هەردوو رەگەز دەشێ بەیەک پێوانە بپێورێت ، بەڵام باس لە گوناهێک ئەکرێت کە بەناوی سورشتەوە کراوەتە ملی ژن و نەکراوەتە ملی پیاو ، ئەو کاتەی لەگەڵ ئەوەی ئەگەر رۆحیشم لە رۆحی پیاو پاکتر بێت کەچی لەبەر ئەوەی سروشت بارێکی تری بۆ خولْقاندووم بە من ئەڵێن پاک نیە ، بۆت نیە دەست بدەیتە کتێبی قورئان با ئەو پیاوە بیگرێ جەستەی پاکە ، لەکاتێکدا ئەو پاک و پیسیەی ئایین باسی لێوە دەکات دەبێت لە رۆحدا بێت نەک بەهۆی برِێ خوێن سیفەتی ناپاکی بە منی ژن ببەخشێت بەبێ ئەوەی هیچ گوناهێکم کردبێ..

ناڵێم هیچ شتێکی ئەوتۆ لە ئایین تێدەگەم ، بەڵام خۆ ئەو چاکە و خراپەیەی ئایین باسی لێوە دەکات ئەتوانم لەیەک جیابکەمەوە ، ناڵێم هیچ سوورەتێکی ئەوتۆم لەبەرە و ئەتوانم وتوویژ بکەم و وەڵام بدەمە ، بەڵام خۆ هێند کتێبم خوێندۆتەوە بتوانم بەبێ کتێبی قورئان هەموو پێوانە و تەرازووەکانی عەقڵ بە عادیلانە بەکاربەرم ..

ئەوەندەی لە ئاین تێگەیەنراوم ، هەرهەمووی مەکە و نەهی ، دەنگ بەرز مەکەرەوە ، پێمەکەنە ، سەرهەڵمەبڕە ، هەموو کردارێک ئامرازێکی نەفی لەبەردەمەوە دانراوە و هەمیشەش لە ئاقیبەتدا سزایەک ئامادەکراوە ، هەتا ئایین کراوەتە تابوویەک قابیلی ئەوەنیە نە بگۆڕدرێ ، نە پرسیاری لەبارەوە بکرێ ، نەدەستکاری بکرێ ، بەتایبەت لەلایەن منی ژنەوە کە نابێت زۆر لێی بکۆڵمەوە و نابێت پرسیارەکانم بە (بۆ) دەست پێبکات ، نابێت هەرگیز (گومان) دامگرێت لە ئاست هیچ نەریت یان دەقێک یان یاسایەکی ئایینیدا..

ئیدیعای ئەوەش ناکەم نیازمە رووبەڕووی پیاوانی ئایین ببمەوەوە یان شۆڕشێکی زانیاری و گومان ئامێزی ژنانە هەڵگیرسێنم ، یان بزووتنەوەیەک بەرپابکەم لە پرسیاری ژنانە و پەردە هەڵماڵم لە بیرکردنەوەیەکی تاسەرئێسقان ژنانە لە بەرامبەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگایەکی تاسەرئیسقان پیاوسالار و ئاخنراو بە بیری دواکەوتووی ئایینی ، ئەمەش راگەیاندنی هەڵگەڕانەوە نیە لە ئایین ، بە هێندی راگەیاندنی هەڵگەڕانەوەیە لە بیرێک ئەمکاتە گوناهبار لە کاتێکدا تا سەرئێسقان پاکم ، خۆ لەوانەیەی بتوانم بانگەشەی جۆرێک لە بیرکردنەوەی روون و شەفاف بکەم بە بەرژەوەندی ژن ، داوابکەم لە ژنەکانی تر بیربکەنەوە و لەگەڵما ناوێک دابنێن بۆ جۆرێک لە پەیوەندی لە مابەینی منی "ژن" و ئەوی "خودا" ، بیرکردنەوەیەکی هێمن و زنجیرەیەک لە پرسیار سڵ نەکاتەوە لە هیچ دیوارێک لە ترس و عەیبە و (نابێت) و نەهیەکانی تر، لەوانەیە بتوانم بڵێم با چیدی ئەوەی بیری لێدەکەینەوە بە زمان بیلێین ، هەر نەبێت بینووسین ، یان هەرنەبێت ئێمەی "ژن" لەمەودوا با بەدەنگی بەرز بیر بکەینەوە و ئەوانی تر بەشدار بکەین لە بیرکردنەوەکانماندا ، یان جۆرێک لە دیالۆک بهێنینە کایەوە لە نێوان ئێمەی ژن و ئێوەی پیاوی تێرکراو بە بیری ئایینی تەسک کە من ئەکات بە بوونەوەرێکی گوناهبار ئەو کاتەی لە لوتکەی پاکیزەییشدابم ، بە بریارێکی پیاوسالاری یان بە پێی دەقێکی قورئان ئەمکەنە گوناهبار.. خۆ ئەتوانم قاڵبێک بۆ پەیوەندیەکانی خۆم داڕێژم لەگەڵ دەوروبەری خۆم و ئەتوانم بزانم هەر یەک لەوانەی ئەیانناسم لە جێگای خۆیدا دابنێم و دواتر پردێک لە پرسیار و وەڵام دروست بکەم هەتا بەدوایدا جیهانێک لە دیالۆگ و تێگەشتن بهێنمەکایەوە..

دەمێکە بیر ئەکەمەوە لە جۆری ئەو پەیوەندیەی ئەمبەستێتەوە بەو هێزەوە کە ئەڵێن منی دروست کردووە ، هەمیشە ترساوم باسی لێوە بکەم ، هەمیشە تیاماوم پرسیاری تیا بکەم یان نا ، هەمیشە نەمتوانیوە لەگەڵ خۆشمدا وتووێژی لەسەر بکەم ، چونکە وتووێژی یەکلایەنە هەرگیز ناتگەیەنێتە ئەنجام ، هەرچەندە باسکردنی مەسەلەیەکی لەو جۆرە ناتباتەوە بەرەو ئەو بازنەیەی ئەنجامەکانی تیایە ، لەبەرئەوەی من باوەڕم وایە ئەو بازنەیە "بازنەی ئەنجامەکان" هەمیشە بۆشە ، بە چەند وشەیەکی تر ئەو بازنانەی وا ئەزانین وەڵامە دروستەکانی تێدایە ، لە راستیدا خۆیان بەتاڵن ، و ئێمە پڕیان ئەکەینەوە ، هەتا ئەگەینە ئەو باوەڕەی وەڵامەکانی ئێمە هەرگیز ناتوانن رەهابن تا هەتاسەر بازنەکان بە پڕی بهێڵنەوە ، بۆیە بازنەکان خۆیان لە خۆیانەوە بەتاڵ ئەبنەوە ، بۆ ئەوەی هەمیشە ئێمەی مرۆڤ بگەڕێین بەدوای ئەو وەڵامانەی نەوتراون و لە گەڕانێکی بەردەوامدا بین بەدوای ئەو وەڵامانەی هەرگیز بە جێگیری نامێننەوە ، چونکە ئەو وەڵامانەی دەقە قورئانیەکان لە چەندین هەزار ساڵەوە بە رەهایی سازی کردوون و دایناون بۆیان هەیە بۆ ئەم سەردەمە نەشێن و ئەگەر لە بازنەی وەڵامەکاندا بۆیان بگەڕێن ئاسەواریشیان نەماوە..

بیرم ئەکردەوە داخوا بۆ ئەبێت ئایین یەکێک بێت لەو تابووانەی نابێت بە کراوەیی باسی لێوە بکەین بەتایبەت ئێمەی ژن ، بۆ وتراوە نابێت ژن لە هەندێ کاتدا باس لە ئایین بکات ، یان نابێت لە هەندێ حاڵەتدا قورئان بخوێنێتەوە یان نوێژ بکات ؟ ئەو هەندێ کاتانەش ئەوانەن کەوا ژن بێنوێژ ئەبێت تیایدا لە مانگدا ، لەو کاتەدا بەناوی ئایینەوە بریاردراوە ژن پاک نیە ، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ژنەکە خۆی و لێی بپرسن تۆ پاکی یان نا؟

د. ئیلهام ئەلمانع لە نووسینێکیدا لەو بارەیەوە ئەڵێت : چەند کینم لە وشەی بێنوێژی بووەوە ، هەروەک تاوانێک بێت و نرابێت بە ناوچەوانی ژنەوە و ئەبێت شەرمی لێبکات ، ئەو خاتوونە باس لە ئەزموونێکی بێ وێنەی خۆی ئەکات ، بەسەرهاتی نوێژکردنێک ئەگێڕێتەوە کاتێک بێنوێژ بووە ، و ئەگێرێتەوە ئەڵێت: باش بیرمە چۆن ئەلەرزیم کاتێ دەستنوێژم گرت ، و چوومە ژوورێکی جیاوە و بەرماڵەکەم راخست و بە قووڵی هەناسەم هەڵکێشا ، وەستام و ناوی خودام برد ، کەچی چەند هەستم بە ئاسوودەییەکی بێ وێنە کرد بەناو رۆحما بلاو ئەبێتەوە .. پاشان ئەپرسێت: تۆ بڵێت

هەنگاوم نابێت بەسەر یاسایەکی خوادییدا؟ یان هەنگاوم نابێت بەسەر یاسایەکی سروشتیدا؟ یان داخوا ئیهانەی خودام کردبێ بەو کردارەم؟ ئینجا ئەڵێ: لە ئێوە ئەپرسم: رێگر چیە کە ژن لە کاتی بێنوێژیدا نوێژ بکات؟ بۆچی هەمیشە بێنوێژی ژن مایەی شەرم و ترس بووە؟ لە کاتێکدا خوێن هێمای بە پیتیە و مانای ئەوەیە ژن لە توانایدایە ژیان ببەخشێت..

ئەمەیە ئەو چرکانەی تیایدا مرۆڤ خۆیەتی ، بەواتایەکی تر بتوانیت خۆت بیت و کەسی تر نا ، خۆت بڕیاردەر بیت ، نەک کۆمەڵگا یان ئایین ، خۆت سەروەر بیت ، پێوانەکان لای خۆت بن و خۆت راست و هەڵە بپێویت و عەقڵ بە خۆت بێت ، هەتا کەی پێویستم بەوەیە بۆ ئەوەی راست و هەڵە لەیەک جیا بکەمەوە ئەبێت دەقی قورئان بخوێنمەوە ، هەتاکەی بۆ جیاکردنەوەی خێر و شەڕ ئەبێت بگەڕێمەوە بۆ دەقە ئایینیەکان ، ئەی کەی مرۆڤ ئەبێتە خاوەنی عەقڵی خۆی ، ئەو کاتەی بە تەنها بیری کردەوە ، بەچەند وشەیەکی تر ئگەر مرۆڤ نەبوایە ئەم گەردوونەش نەدەبوو ، تەنانەت ئەو خاک و خۆڵەش نەدەبوو کەناومان ناوە وڵات و خۆمانی بۆ ئەدەین بە کوشت ، وڵات یان پارچەیەک زەوی مانای چیە ئەگەر مرۆڤی لەسەر نەژی ، هەروەها ئایین لەدەستی مرۆڤدایە ، خۆی ئەتوانێت بیگۆڕێت ، خۆی ئەتوانێت تازەگەری تیا بکات ، خۆی ئەتوانێت بیگونجێنێت لەگەڵ ژیانی خۆی ، خۆی ئەتوانێت بەهەشتی خۆی دروست بکات لەو جیگایەی ئەخوازێت ببێتە بەهەشت.

دەمێکە هەندێ دیوار هەن ئەمەوێت بیانڕووخێنم ، ئەمەوێ لەسەر دارو پەردووی ئەو دیوارانەی دایانبڕییبووم لە دونیای ئەوەی پێی ئەڵێن (تابوو)ەکانی دەوروبەرم بە سەربەرزی بوەستم و هەندێ پرسیار بکەم ، بۆ ئەوەنا بڵێم ئایین رەت ئەکەمەوە ، بەڵام بۆ ئەوەی بزانم کۆمەڵگا بۆچی زۆربەی زۆری بەرهەم و داهێنانەکان و هزر و تواناکانی ژن رەت ئەکاتەوە و هەمیشە بەناوی ئایینەوە لە خوار پیاوەوە دایناوە؟ بۆ ئەوەی بزانم ئایا ئەو مۆرکی پیاوسالاریەی کۆمەڵگا هەڵیگرتووە ئایین پێیبەخشیوە یان هەرخۆی کۆمەڵگایەکی پیاو سالارە؟ بۆ ئەوەی نەخشەیەکی تر و جیاواز بۆ شێوەی ئەو پەیوەندیەی ژن و ئایین گرێ ئەدات بکێشم بە بێ ترس و بە بێ شەرم. بۆ ئەوەی چیدی بتوانین هەموو ئەو پرسیارانەی لە سینگماندا دەمێ ساڵە شاردوومانەتەوە و نازانین لە چی شاردوومانتەتەوە بیانهێنینە دەرێ و ژەنگی سەردەمی نەوێران و ترس و عەیبەی لێ بکەینەوە و بیخەینە بەردەم ئەوەی ئەتوانێت وەڵاممان بداتەوە . بێ شکیشم لەوەی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری تریش نەک تەنها من بەڵکە هەزاران ژنی تریش ئەیانەوێت بیکەن ، نەک تەنها ژنیش بەڵکە پیاویش خۆی ئەیەوێت بیکات ، چونکە کۆمەڵگا و ئایین زوڵمی تەنها لە ژن نەکردووە ، بەڵکە زوڵمی لە پیاویش کردووە ، چونکە باش ئەزانم پیاوان هەن بێ تاوانن لە زۆر لە مومارەساتی پیاوانی تر و مومارەساتی کۆمەڵگا ، ئەوانیش بەر گڕی تاوانباری کەوتوون ئەگەر رۆژێک بە دەنگی بەرز بیریان لە مەسەلەیەک کردبێتەوە پەیوەندی هەبووبێت بە ژن و ماف و بیرکردنەوەی ژنەوە..

هەتا ئێرە ئەمجارە بابەتەکە بە کراوەیی بەجێ ئەهێڵم ، ئەمجارە بڕیارمدا تەنها پرسیار بکەم ، بۆ ئەوەی جارێکی تر وەڵامەکان بدرکێنم..

---

ئەم وتارە لە ژمارە 165 ی رۆژنامەی هەواڵ لە بەرواری 21ی کانونی دووی 2006 بڵاوبۆتەوە..